Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080413

# پێگەی گرافیک دیزاین لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا
# (فەیسبوک بەنمونە)

د.ڕێبەر گۆران مستەفا
بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێری/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی کارگێری سلێمانی
بروا عوسمان ڕەحمان
بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێری/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی کارگێری سلێمانی

**Article Info**

Received: October , 2021
Accepted : Noember ,2021
Published :Desember ,2021

**Keywords**

پێگە، گرافیک دیزاین، تۆڕی کۆمەڵایەتی، فەیسبووک.

**Corresponding Author**

rebar.goran@spu.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە ئامانج لێی زانینی ئەو پێگەیەیە کەگرافیک دیزاین دەتوانێت دەستەبەری بکات لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەت لەتۆری (فەیسبوک)دا، بەو پێیەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان وەک بەشێک لەمیدیای نوێ لەگەڵ دەرکەوتنی نەوەی دوهەمی ئینتەرنێتدا وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن ومیدیا بەقەبارەیەکی زۆر وپانتاییەکی فراوان لەلایەن تاک وگروپەکانەوە بەکاردەهێنرێت، هەروەها گرنگی بەکارهێنەران (دیزاینەران) بەکاری گرافیک لەو بابەتانەی کەبڵاوی دەکەنەوە.

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە هۆکاریەکانە وتیایدا میتۆدی دەقشیکاری پەیرەو کراوە، بۆ شیکردنەوەی دەق پەیوەست بەگرافیک دیزاین وتۆرە کۆمەڵایەتیەکان پشت بەست بەسەرچاوەی زانستی هەمەجۆر بۆ خستنەروو وباسکردن وشیکردنەوەی ئەو رۆڵەی کەگرافیک دیزاین دەیگێرێت لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها لەروی روخساری ئەو پەیامانەی کەبەتایبەت لەرێی تۆری فەیسبوکەوە بڵاودەکرێنەوە.

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا گەیشتونەتە ئەو ئەنجامانەی کەجگە لەوەی گرافیک دیزاین پانتاییەکی زۆری لەپەیامی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و(فەیسبوک) بەتایبەتی داگیرکردووە، لەهەمان کاتدا گرافیک دیزاین رێگایەکی سەرکەوتوە بۆ جێبەجێکردنی کۆمیونیکەیشنی بینراو، هەروەها گرافیک دیزاین هۆکارێکە بۆ ئاشنابونی زیاتری دیزاینەران بەبنەما وپێکهاتەکانی دیزاین، دواتر گرافیک دیزاین دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ پێشکەوتنی کاری گرافیک.

## پێشەکی:

گرافیک دیزاین پەیوەندیکردنێکی بینراوە لەگەڵ خوێنەر، یان وەرگر. دیزاینەر لەڕێگای توخم وپێکهاتە سەرەکییەکانی دیزاینەوە ئەم پەیوەندییە بەئامانجی گەیاندنی پەیامێکی مەبەستدار دروست دەکات، دەشێت پەیامەکە بۆ مەبەستی بازرگانی وڕیکلام بێت، یان بۆ بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی وئابووری یان تەنها گەیاندنی زانیارییەک بێت. گەر بۆیە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بینراوی سەرکەوتوو دەبێت کەسی دیزاینەر هەم شارەزایی لەبنەما سەرەکییەکانی بوارەکەدا هەبێت، هەم کەسێکی دەستڕەنگین، خاوەن خەیاڵدانێکی فراوان، بەسەلیقە، ورد ودنیابینییەکی جوان بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەتەواوەتی ئەو پەیامەی دەیەوێت لەڕێگای دیزاینەوە بیگەیەنێت.

گرافیک دیزاین بەشێکی دانەبڕاوی کەناڵەکانی میدیای نوسراو وبینراوە، توانی زۆر بەباشی جێی خۆی لەپەیامەکاندا بکاتەوە، لەئێستاشدا گرافیک دیزاین دەتوانێت پانتاییەکی فراوانتر لەبابەتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا داگیربکات، جا بابەتەکان سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری وهونەری بن، لەڕێی لاپەرە وپەیج وگروپەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زانیارییەکان بەشێوازی گرافیک وبەکورتی دەخرێنە بەردەست خوێنەر، بەمەش خوێنەر کاردانەوە وکارلێکی زیاتری لەگەڵ بابەتەکەدا دەبێت، بەدیزاینکردنی کەمترین وشە و وێنەیەک، تەواوی بیرۆکە وپەیامەکەی پێدەگات، ئەمەش وا دەکات وەرگر بەکاتێکی کەم وبەشێوازێکی سەرنجڕاکێش وڕوون، زۆرترین زانیاری بەدەست بگات.

لەبەر گرنگی وتازەیی بابەتەکە توێژەران بەلایانەوە گرنگە بزانن کەپێگەی گرافیک دیزاین لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا (فەیسبوک) بەنمونە لەچ ئاساتێکدایە، تا چەندێک گرنگی بەجێبەجێکردنی بنەما زانستییەکانی گرافیک دیزاین دەدرێت لەئاڕاستەکردنی پەیامێکی بینراودا.

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

**١. کێشەی توێژینەوەکە:**

**کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەپرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە کەئەویش: ئایا پێگەی گرافیک دیزاین لەچ ئاستێکدایە لەتۆڕە کۆمەڵاتییەکان بەگشتی وفەیسبووک بەتایبەتی؟ لەهەمان کاتدا توێژەر لەپرسیاری سەرەکییەوە چەند پرسیارێکی دیکە دەخاتەڕوو، ئەوانیش:**

- **ئایا گرنگی بەدیزاین دراوە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەکاتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا؟**
- **ئایا بنەماکانی گرافیک دیزاین پەیڕەوکراوە لەبابەتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا؟**
- **ئایا توانراوە گرافیک دیزاین بکرێتە ڕێگایەکی سەرکەوتوو بۆ جێبەجێکردنی کۆمیونیکەیشنی بینراو؟**

**٢. گرنگی توێژینەوەکە:**

- **ئاستی مەعریفی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەبنەما زانستی وتوخمە سەرەکییەکانی گرافیک دیزاین بەرزدەکاتەوە، هەروەها دیزاینەران هاندەدات بۆ زیاتر گرنگیدان بەگرافیک دیزاین لەپەیامی بڵاوکراوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.**
- **دەبێتە سەرچاوەیەکی نوێ بۆ زمانی کوردی کەخۆی لەگرافیک دیزاین وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە.**

**٣. ئامانجی توێژینەوەکە:**

- **زانینی ئاستی گرنگیدان بەدیزاین لەبابەتە بڵاوکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.**
- **تیشکخستنەسەر دیارترین بنەماکانی گرافیک دیزاینی پەیڕەوکراو لەبابەتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.**
- **خستنەڕووی ئەو ڕاستییەی کەگرافیک دیزاین ڕێگایەکی سەرکەوتوە بۆ کۆمیونیکەیشنی بینراو.**

**٤. توێژینەوەکانی پێشوو:**

- **هاونیاز سامی صابر ٢٠١٩، (کاریگەریی تایپۆگرافیا لەسەر بنەماکانی دیزاین)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی گرنگی وکاریگەرییەکانی بنەماکانی کاری دیزاینە لەسەر ڕۆژنامە، هەروەها جۆرەکانی ڕەگەزە تایپۆگرافییەکان وڕۆڵیان لەجوانکاری دیزاینی ڕۆژنامە وکاریگەریان لەسەر خوێنەر چییە. ئەم توێژینەوەیە پشتی بەمیتۆدی وەسفی بەستووە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە؛ ڕەگەزە تایپۆگرافییەکان ڕۆڵێکی گەورە وکاریگەریان هەیە لەجوانکاری دەرچواندنی ڕۆژنامەدا (صابر، ٢٠١٩).**
- Graphic Design Theory ) ،2018 E. Bankole Oladumiye ،(Research and Application in Packaging Technology **ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی پشتبەستنی دیزاینەرە بەبنەما تیۆریەکانی گرافیک دیزاین، هەروەها زانینی ڕۆڵی لایەنی تیۆری گرافیک دیزاین لەسەر دیزاینی پاکەیج. ئەم توێژینەوەیە پشتی بەمیتۆدی وەسفی بەستووە وفۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە وەک ئامڕازی کۆکردنەوەی داتا. لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە؛ گرنگی تیۆریەکانی دیزاین لەتەکنەلۆجیای پێچانەوەدا، ئەوە دەردەخات کەتوێژینەوەی تیۆری گرافیک دیزاین، هەم ڕاستەوخۆ وهەم ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر تەکنەلۆجیای پاکەیج (Oladumiye, 2018).**
- **طارق عقون ٢٠١٦، (أساسيات تصميم وتنسيق صفحات مواقع الصحف الالكترونية، دراسة تحليلية وصفية لموقع جريدة البلاد)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەدوو خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، ئەوانیش؛ زانینی بنەماکانی دیزاین وشیکردنەوەی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، هەروەها تێگەیشتن لەبیرۆکەی سەرەکی چۆنێتی دیزاینکردن وئامادەکردنی پەڕەی ماڵپەڕەکانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریە ولەڕێگای تێبینیکردن وشیکاری ناوەڕۆکەوە داتا وزانیاری کۆکراوەتەوە. لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووە؛ دیزاینەرانی ماڵپەڕەکە گرنگی زۆریان داوە بەبەکارهێنانی ئایکۆن لەماڵپەڕەکەدا کەئەمەش بەگرنگیەوە لێی دەڕوانرێت لەدیزاینی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا (عقون، ٢٠١٦).**

- ماجد كمال الدين ٢٠١٥، (تصميم الجرافيك واثره على المواقع الاكترونية والوسائط المتعددة)، ئامانجى سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی بیرۆکەی گرافیک دیزاینە کەکاری لەسەر دەکرێت، هەروەها تیشکخستنە سەر گرنگی بەکارهێنانی لەبوارەکان کرداریەکانی ژیاندا وتاکو چەند گەشەی پێدراوە وپارێزگاری لەبنەما وبەها هونەرییەکانی کراوە، ئەم توێژینەوەیە پشتی بەمیتۆدی شیکاری وەسفی بەستووە بۆ هەندێک لەنموونەی هونەری کۆدی بەکارهاتوو لەپرۆگرامە نوێیەکانی دیزایندا، لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووە: توانا ولێهاتووی دیزاینەر لە دەستکاریکردنی وێنە ودیزاینی هونەری زیادیکردوە، ئەویش پاش بەرەوپێشچونی تەکنەلۆجیا وپرۆگرامەکانی دیزاین (کمال الدین، ٢٠١٥).

٥. سودی توێژینەوەکانی رابوردوو:

توێژەران لەهەر یەک لەرێبازنامە وتیۆرینامەدا سودیان لەتوێژینەوەکانی رابوردوو وەرگرتوە.

٦. جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە هۆکارییەکانە وپشت دەبەستێت بەمیتۆدی دەقشیکاری.

٧. سنووری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە خۆی لەبابەتی گرافیک دیزاین دەبینێتەوە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسبوک) بەتایبەتی، لەچوارچێوەی سنووری جوگرافی گشتیدا، کەپشت بەسەرچاوەی زانستی هەمەجۆر بەستراوە لەکۆرسی دوهەمی خوێندنی باڵا ماستەر ساڵی ٢٠٢١.

٨. دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

- پێگە: مەبەست لەو رۆڵەیە کەرەنگە ئەرێنی یان نەرێنی بێت کەگرافیک دیزاین دەیگێڕێت لەو بابەتانەی کەگرافیکیان تێدا بەکاردێت ولەرێی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان (فەیسبوک) بەتایبەتی بڵاودەکرێنەتەوە.
- گرافیک دیزاین: بریتیە لەدروستکردن یان ئامادەکردنی پەیامێکی بینراو لەرێگای توخمە سەرەکییەکانی گرافیک دیزاینەوە، بەمەبەستی ئەنجامدانی پەیوەندیکردنی بینراو لەگەڵ وەرگردا، کەئامانج لێی گەیاندنی پەیامێکی مەبەستدارە، بەمەبەستی پێدانی زانیاری یان قەناعەت پێهێنانی وەرگر.
- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان: بریتیە لەکۆمەڵێک پێگەی ئەلیکترۆنی کەمەبەست لێی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتیە لەرێگای کۆمەڵگایەکی دەستکردەوە، کەتیایدا هەر یەک لەم خزمەتگوزاریانەی بێبەرامبەر بۆ بەکارهێنەران دابینکراوە، وەک: (ئاڵوگۆڕی نامە بەشێوەی نووسین، پەیوەندیکردنی دەنگورەنگ، گەڕان، بڵاوکردنەوەی بابەت ورا دەربرین، کات بەسەربردن، بەشداریکردن لەگروپدا، یاریکردن، زانیاری دەربارەی کەشوهەوا، کرین وفرۆشتن، رێنمایی وزانیاری دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ وچەند خزمەتگوزاریەکی دیکە).
- فەیسبوک: یەکێکە لەدیارترین تۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کەسەر بەنەوەی دوهەمی ئینتەرنێتە وبەکارهێنەر دەتوانێت تێکست وفۆتۆ وڤیدیۆی تێدا بڵاوبکاتەوە وخاوەن کۆمەڵێک خزمەتگوزاری جۆراوجۆرە وەک: (کردنەوەی ئەکاونت ولاپەرە وبەشداری گروپ وکردنەوەی ئەلبومی وێنە ولایک وکۆمێنت وشەیر وپۆک کردن وناردنی دیاری ویاری و ریکلام وبانگەشە وبازارگەری تێدا دەکرێت) ولەبوارە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتی وسیاسی ورۆشنبیری وئابوری وزانستی ودیکەدا بەکاردێت.

## بەشی دوەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە

- یەکەم/گرافیک دیزاین.

١. پێناسەی گرافیک دیزاین.

گرافیک دیزاین ئەو هونەر وتەکنیکەیە کەپشت بەپرۆگرامی جۆراوجۆر دەبەستێت لەدارشتنی رووخساری پەیامی میدیاییدا، کەبۆتەهۆی بەرەو پێشچوونێکی بەرچاو لەم بوارەدا لەچارەکە سەدەی رابردوودا، هەروەها گرافیک دیزاین بو بەبەشێکی گرنگ لەسەرجەم بوارەکاندا وشوێنپەنجەی بەهەموو بوار وزانستەکانی دیکەوە دیارە، بەجۆرێک بوارێک نەماوە پێویستی بەگرافیک دیزاین نەبێت.

رۆبن لاندا لەکتێبی (Graphic Design Solutions) دەڵێت: گرافیک دیزاین بریتیە لەنمایشکردنی بیرۆکەیەک بەپشت بەستن بەدروستکردن، دەستنیشانکردن ورێکخستنی توخمەکانی گرافیک دیزاین (Landa, 2011, P:2).

ریان هێمبری لەکتێبی (The complete graphic designer) دەڵێت: گرافیک دیزاین پێشکەشکردنی میتۆدێکە بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە لەرێگای کۆمەنیکەیشنێکی کاریگەرەوە بەئامانجی سادەکردن وروونکردنەوەی بابەتە قورس وئاڵۆزەکان بەمەبەستی ئاسان بەکارهێنان ولێتێگەیشتنیان (Hembree, 2008, P:11).

توێژەران پێیان وایە کەگرافیک دیزاین بریتیە لەدروستکردن وسازاندنی پەیامێکی بینراو لەپێکهاتەکانی گرافیک دیزاین بەپشتبەستن بەبنەماکانی دیزاین، بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشەیەک یان گەیاندنی پەیامێکی مەبەستدار یان زانیاریەک بەوەرگر.

٢. سوودەکانی گرافیک دیزاین.

ئەم خاڵانەی لای خوارەوە لەدیارترین سودەکانی گرافیک دیزاینن، (عومەر، ٢٠٢٠، ل٣٠-٣١؛ admecindia,2020):

أ. گرافیک دیزاین لەبواری ریکلام وبازرگانیدا کاردەکات بۆ زیادکردنی فرۆش وداهات بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان، واتە دەتوانێت لەرێگای دیزاینەوە سەرنجی کریار بەلای خۆیدا رابکێشێت، ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان.

ب. دروستکردنی وێنەیەکی زهنی لەبیرنەکراو لای وەرگر یاخود بەکارهێنەر لەرێگای دیزاین وکارە هونەریەکانەوە دەکرێت، بەمەش ناوی براند لەیادگەی وەرگردا دەمێنێتەوە.

ت. بەو پێیەی وێنە جێگای سەدان وشە دەگرێتەوە، گرافیک دیزاینیش دەتوانێت جێگای سەدان وشە بگرێتەوە، بۆیە دەتوانرێت پەیامەکان ئاڕاستە بکرێن بەبەکارهێنانی کەمترین وشە ودەربڕینی نوسراو، واتە بەکەمترین وشە زۆرترین پەیام دەگەیەنرێت لەڕێگای گرافیک دیزاینەوە.

ث. گرافیک دیزاین دەبێت بەناسنامە بۆ کۆمپانیا یاخود دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەم هەنگاوەش لەلۆگۆی دەزگاکانەوە دەستپێدەکات کەپێی دەناسرێنەوە.

ج. گرافیک دیزاین بریتیە لەکۆمەنیکەیشنێکی بینراو، ئەمەش وا دەکات پەیامەکان خێراتر بگەن بەوەرگر وئاسانتر تێگەیشتنیان بۆی هەبێت.

٣. توخمە سەرەکییەکانی گرافیک دیزاین.

گرافیک دیزاین لەچەند توخمێک یاخود پێکهاتەیەک پێکدێت، ئەوانیش بریتین لە (Landa, 2011, P:16-23):

أ. <u>هێڵ (Line)</u>: بریتیە لەخاڵێکی درێژکراوە، دەکرێت هێڵ بەچەند شێوازێک نمایش بکرێت وبۆ مەبەستی جیاوازیش بەکاربهێنرێت لەدیزایندا، وەک لەشێوەی (أ) دا خراوەتەڕوو.




ب. <u>شێوە (Shape)</u>: بەگشتی شێوە خۆی لەسێ جۆردا دەبینێتەوە؛ شێوە ئەندازەییەکان، وەکو بازنە وچوارگۆشە ولاکێشە، شێوە سروشتیەکان، وەکو گەڵا وگوڵ، شێوەی ئاوێتەکردن وتێکەڵکردن، وەک لە شێوەی (ب) دا خراوەتەڕوو.



ت. <u>نەخش – چنراو (texture)</u>: دوو جۆری سەرەکی تێکسچە هەیە، جۆری یەکەمیان پاتێرن تێکسچە کە لە قەبارە و بۆشایی و شێوەدا هاوشێوەن، جۆری دووەم تێکسچەی وێنەیی کە ئەمانە بە گشتی لە سروشتدا هەیە، وەک لە شێوەی (ت)دا خراوەتە ڕوو.




ث. ڕەنگ (Color): یەکێکە لەسەرەکیترین پێکهاتەکانی گرافیک دیزاین، سوور وزەرد وشین، سێ ڕەنگی سەرەکی گرافیک دیزاینن بەپێی چەرخەی ڕەنگەکان، دواتر سێ ڕەنگی لاوەکی هەن لەسەوز وپرتەقاڵی ومۆرن، پاشان بەتێکەڵکردنی ڕەنگی سەرەکی ولاوەکی کۆمەڵێک ڕەنگی تر دروست دەبێت، وەک لەشێوەی (ث) دا خراوەتەڕوو.




ج. بۆشایی (Space): یەکێکە لەسەرەکیترین پێکهاتەکانی گرافیک دیزاین، ئاسوودەیی تەواو دەبەخشێت بەچاوی بینەر کەخۆی لەدوو جۆردا دەبینێتەوە؛ بۆشایی نێگەتیڤ وبۆشایی پۆزەتیڤ، وەک لەشێوەی (ج) دا خراوەتەڕوو.



ح. <u>وێنە (Image)</u>: وێنە هێزێکی نوێ دەبەخشێت بەکاری دیزاین، دەکرێ وێنەی فۆتۆگرافی بێ یاخود وێنەی شیکاریی یان وێنە کێشراو، وەک لەشێوەی (ح) دا خراوەتەڕوو.



خ. <u>نووسین – تایپۆگرافی (Typography)</u>: لەدوای ڕەنگ و وێنە، تایپۆگرافی لەسێیەم گرنگترین پێکهاتەکانی دیزاینە. تایپۆگرافی واتە ڕێکخستنی نووسین لەڕووی جۆری فۆنت وقەبارە وئەستوری وباریکیەوە، وەک لەشێوەی (خ) دا خراوەتەڕوو.




٤. بنەماکانی گرافیک دیزاین.

خۆیان لەم جۆرە سەرەکیانەدا دەبیننەوە (Santoro, 2014, P:167-176):

أ. <u>دژیەکی (Contrast)</u>: بەواتای پیشاندانی جیاوازی ودژیەکی دێت لەنێوان پێکهاتەکانی دیزایندا، ئەمەش وا دەکات کارە هونەریەکە جوانتر وسەرنجڕاکێشتر دەربکەوێ. دەکرێت ئەم دژیەکیە لەنێوان دوو شێوەدا بێت یاخود دوو ئاڕاستەی نووسین یاخود دوو ڕەنگی جیاواز، وەک لەشێوەی (أ) دا خراوەتەڕوو.




ب. <u>**هاوسەنگی (Balance)**</u>: بریتیە لەبونی هاوسەنگی لەنێوان توخمەکانی دیزایندا، بەشێوەیەک دەبێت هاوسەنگی بپارێزرێت لەنێوانی شوێنی توخمەکان لەناو پرۆژەی کارەکەدا، سێ جۆری هاوسەنگی هەیە، ئەوانیش: هاوسەنگی یەکسان، هاوسەنگی نایەکسان وهاوسەنگی بازنەیی، وەک لەشێوەی (ب) دا خراوەتەڕوو.



ت. <u>**پلەبەندی هەرەمی (Hierarchy)**</u>: بەشێوەیەکی گشتی ئەم پلەبەندیە لەڕێگای بوونی دژیەکی لەنێوان پێکهاتەکانی دیزایندا دەکرێت لەڕوی شوێنی دانانەوە، چونکە دژیەکی زۆر وا دەکات چاوی بینەر ڕابکێشێت بەلای خۆیدا وزووتر ببینرێت، لەو ڕێگایەوە دەتوانین کۆنترۆڵی چاوی بینەر بکەین وئاڕاستەی بکەین بۆ ئەوەی مەبەستمانە لەگەیاندنی، هەروەک چۆن لەشێوەی (ت) دا خراوەتەڕوو.




ث. <u>ڕێکخستن (Alignment)</u>: لێرەدا کار دەکرێت لەسەر ڕێکخستنی پێکهاتەکان، یان پیشاندانیان وەک گرووپ یاخود دروستکردنی هاوسەنگی وپەیوەندی لەنێوانیاندا، بەشێوەیەکی گشتی لەکاری دیزایندا دوو جۆر ڕێکخستن هەیە، ئەوانیش؛ ڕێکخستنی لێوار یاخود تەنیشت وڕێکخستنی ناوەڕاست، وەک لەشێوەی (ث) دا خراوەتەڕوو.



ج. <u>نزیکایەتی (Proximity)</u>: دوو ئەرکی سەرەکی هەیە یەکەمیان دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان پێکهاتەکانی دیزایندا وبەشێوەیەکی ڕێکخراو وپلەبەندی، واتە بابەتە پەیوەندیدارەکان پێکەوە ولەنزیک یەکتر دادەنرێت. دووەم ئەرک هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی لەنێوان پێکهاتەکانی دیزایندایە، وەک لەشێوەی ژمارە (ج) دا خراوەتەڕوو.





ح. دووبارەکردنەوە (Repetition): بریتیە لەدووبارەکردنەوە وبەکارهێنانەوەی توخمەکانی دیزاین وەک ڕەنگ و وێنە وشێوە لەکاری دیزایندا، دەکرێت ئەم دووبارە کردنەوەیە لەهەمان پڕۆژەی دیزایندا بێت یاخود چەند پڕۆژەیەکی هاوشێوە بەتایبەت لەکاری براندینگدا، بەمەش پارێزگاری لەیەکگرتویی کارەکە دەکرێت، وەک لەشێوەی ژمارە (ح) دا خراوەتەڕوو.



خ. سادەیی (Simplicity): لەکاری دیزایندا کەم زۆرە، واتە بەسادەییەکی هونەری دەتوانین زۆرترین پەیامی بینراو بگەیەنین، دیزاینی سادە ئاسانترە بۆ تێگەیشتن، ڕوونترە بۆ گەیاندنی پەیام وکاریگەرترە لەسەر وەرگر، بەمەش دەتوانرێت ئامانجەکە بپێکرێت، وەک لەشێوەی ژمارە (١٤)دا خراوەتە ڕوو.



د. ئەرک (Function): دوایین بنەمای گرافیک دیزاین وگرنگترینە، ئەویش بەپرسیارکردن لەوەی تاکو چەند بەرهەمی دیزاینکراو ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات لەگەیاندنی پەیامە بینراوەکەدا وتوانیویەتی پەیوەندیکردنێکی بینراو لەگەڵ وەرگردا دروست بکات؟.

٥. جۆرەکانی گرافیک دیزاین.

دەتوانین جۆرەکانی دیزاین لەم چەند خاڵەدا کۆ بکەینەوە، ئەوانیش (kontra.agency, 2020):

أ. دیزاینی ناسنامەی بینراو (Visual Identity Graphic Design): بریتیە لەتوخمەکانی دیزاین لەناسنامەی براندەکەدا بەشێوەی چونیەک ودوبارە بوەوە، وەک بەکارهێنانی لۆگۆ ورەنگ وهەمان خێزانی ڕەنگ، بۆیە هەر کارێکی بازرگانی یان میدیایی، گەورە بێت یان بچووک پێویستی بەوە دەبێت لە سەرەتای کارەکەوە دیزاینێکی تایبەت وجیاواز بەخۆی هەبێت، کە ئەمەش دەبێتە ناسنامەی بینراوی کۆمپانیا ودەزگا میدیاییەکە.

ب. دیزاینی ڕیکلام و بەبازاڕکردن (Advertising & Marketing Graphic Design): ئەنجامی هەموو کارێکی ڕیکلام و بەبازاڕکردنێکی سەرکەوتوو فرۆشی زیاتر و ناوبانگی زیاترە، کە ئەمەش دەرئەنجامی هەڵمەتێکی سەرکەوتووە، هۆکاری سەرەکی کۆی ئەم سەرکەوتنانەش گۆڕینی چیرۆک و بیرۆکەکانە لە کەرەستەی خاوەوە بۆ کۆمەنیکەیشنێکی بینراو وئەویش لە ڕێگای گرافیک دیزاینەوە ئەنجام دەدرێت. دەکرێت ئەم کارانە بە شێوەی پرێنتکراو بن، وەکو؛ پۆستەر، بۆردی سەرشەقام، مێنیوی چێشتخانە، فلایەر، بروشۆر و بزنس کارد، یاخود بە شێوەی دیجیتاڵ بن، وەکو؛ سەرجەم ئەو ڕیکلامانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وێبسایتەکاندا دەبینرێن.

ت. دیزاینی ڕووکاری بەکارهێنەر(User Interface Design): بریتییە لە دیزاینی ڕووکاری وێبسایت و پرۆگرامەکانی مۆبایل، بە گشتی ئەم جۆرە دیزاینانە بە جۆرێک کاریان لەسەر دەکرێت کە کارئاسانیی تەواو بۆ بەکارهێنەران دەکەن بۆ بەکارهێنانی وێبسایت و پرۆگرامەکانی مۆبایل و دەبێت ئەم دیزاینانە هاوڕێی بەکارهێنەر بن، وەکو؛ وێبسایت، ڕووکاری یاری ئەلیکترۆنی و دیزاینی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر و مۆبایل.

ث. دیزاینی بڵاوکراوەکان (Publication Graphic Design): بریتییە لە دیزاینکردنی ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب و کەتەلۆگ کە ژمارەیەکی زۆریان لێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، بە گشتی لەسەر ئاستی جیهان ئەم جۆرە ڕوو لە پاشەکشەیە، ئەویش بە هۆی میدیای نوێوە. ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە چاپکراوەوە بوون بە ئەلیکترۆنی، کتێبەکانیش لە چاپکراوەوە بوون بە کتێبی ئەلیکترۆنی و کەتەلۆگەکانیش لە ڕێگای ئۆنلاینەوە بڵاو دەکرێنەوە.

ج. دیزاینی پاکەیج (Packaging Graphic Design): ئەم جۆرەی دیزاین دوو ئەرکی سەرەکی هەیە، یەکەمیان؛ پارێزگاریکردن لە بەرهەمەکە لە کاتی هەڵگرتندا، واتە دەبێت بە جۆرێک دیزاین بکرێ کە ئەو بەرهەمەی دەکرێتە ناوی تووشی شکان و کەوتن نەبێت. ئەرکی دووەمیشی بریتییە لە گەیاندنی پەیامەکە و کەمیونیکەیشنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەکارهێنەرەکەدا، وەک نموونەی پاکەتی پیتزا.

ح. دیزاینی گرافیکی جووڵاو (Motion Graphic Design): لەم جۆرەی دیزایندا جووڵە بۆ کارە دیزاینکراوەکان زیاد دەکرێت بە مەبەستی پێدانی زانیاری یان بەبازاڕکردن، وەکو وێنەی جووڵاو بەرهەمە سێ دووریيەکان و تێکستی جووڵاو.

خ. دیزاینی دەرەوە (Outdoor Graphic Design): واتە دیزاینکردن بۆ بابەتێک لە ژینگەیەکی کراوەدا بەکاردێت، ئەرکی سەرەکی ئەم جۆرەی دیزاین سەرنجڕاکێشانی وەرگر یاخود خەڵکە لە کاتی تێپەڕین یان هاتوچۆکردنیان بەو شوێنانەدا، وەک؛ دیزاینی ناوی دوکان یان شوێنە بازرگانییەکان، فلێکسی گەورە، ئاڕاستەکانی گواستنەوەی گشتی، بۆنە و کۆنفرانسەکان.

د. دیزاینی هونەری و ئیڵستریشن (Art and illustration for graphic design): گرافیک دیزاینەر کار لەسەر کەمیونیکەشن و چارەسەری کێشەکان دەکات، بەڵام وێنەکێشی گرافیکی کار لەسەر بەرهەمی هونەری دەکات، وەک؛ وێنەکێشانی دیجیتاڵی، زەخرەفە و کاری ئیڵستریشن.

6 . پرۆگرامەکانی گرافیک دیزاین.

کۆمپانیای ئەدۆب یەکێکە لەکۆمپانیا تایبەتمەندەکانی بواری گرافیک دیزاین وڤیدیۆ ئیدتینگ ومۆشن گرافیک، کەبۆ هەر بوارێک زیاد لەپرۆگرامێکی تایبەتی پرۆفیشناڵ وئاستبەرزی هەیە، لەوانەش (العربي، ٢٠٠٨، لا٢٢٣-٢٩٨):

أ. ئەدۆبی ئیڵستریتەر (Adobe Illustrator): یەکەمین پرۆگرامی کۆمپانیای ئەدۆبییە کە تایبەت بە بواری دیزاین و ئیڵستریشن، یەکەم وەشانی لە ساڵی ١٩٨٧ خرایە بەردەست کە تایبەت بوو بە سیستەمی ئیشپێکردنی ماکنتۆش و تاکو ئێستاش بەردەوامە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بۆ سیستەمە جیاوازەکانی ئیشپێکردنی کۆمپیوتەر، ئەم پرۆگرامە لەسەر بنەمای ڤێکتۆر کار دەکات، واتە لە کاتی گەورەکردن و گۆڕینی قەبارەدا بە هیچ شێوەیەک کواڵیتییەکەی تێک ناچێت و وەک خۆی دەمێنێتەوە.

ب. ئەدۆبی فۆتۆشۆپ (Adobe Photoshop): ئەم پرۆگرامە لە بواری گرافیک دیزاین و دەستکاریکردنی وێنەدا بەکاردەهێنرێت و یەکێکە لە کۆنترین و بەناوبانگترین پرۆگرامەکانی کۆمپانیای ئەدۆبی کە یەکەم وەشانی لە ساڵی ١٩٩٠ەوە بەردەستە و تاکو ئێستاش بەردەوامە. ئەم پرۆگرامە لەسەر بنەمای پیکسڵ کار دەکات کە بە پێوانەی پیکسڵ/ئینج و پیکسڵ/سم کواڵیتییەکەی دیاری دەکرێت.

ت. ئەدۆبی ئیندیزاین (Adobe InDesign): ئەم پرۆگرامە لە بواری دیزاینکردنی تێکست بەکاردەهێنرێت، وەک کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و چەندین بواری دیکە. یەکێکە لە بەناوبانگترین پرۆگرامەکانی کۆمپانیای ئەدۆبی کە یەکەم وەشانی لە ساڵی ١٩٩٩ەوە بەردەستە و تاکو ئێستاش بەردەوامە. ئەم پرۆگرامە لەسەر بنەمای ڤێکتۆر کار دەکات، هەر بۆیە سوودی زۆری دەبێت لە کاتی دیزاینکردنی بەرهەمە چاپکراوە قەبارە گەورەکاندا.

- دوەم/تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

١. مێژووی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

مێژووی دروستبوون وسەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوتایە لەگەڵ هاتنی نەوەی دووەمی ئینتەرنێت کەناسراوە بە (Web 2.0)، یەکەم تۆڕی کۆمەڵایەتیش بەمەبەستی پەیوەندیکردن لەنێوان خوێندکاران وهاوپۆلەکاندا لەساڵی (١٩٩٥) بەناوی (Classmates) واتە هاوپۆلەکان، پاش دوو ساڵ ولەساڵی (١٩٩٧) تۆڕێکی دیکەی کۆمەڵایەتی دروستکرا بەناوی (six degrees) کەئامانج لێی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ بوو بەشێوەیەکی فراوان وهەموو کەس بۆی هەبوو بەشدار بێت. دواتر لەساڵی (٢٠٠٢) (Friendster) دروستکرا، لەساڵی (٢٠٠٤) (My space) دروستکرا، لەمانگی ٢ی (٢٠٠٤) فەیسبووک دروستکرا لەئێستا لەبەهێزترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، دەتوانین بەگشتی مێژووی دروستبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ساڵی دامەزراندن لەم شێوەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو (البياتي وئەوانی دیکە،٢٠١٤):




٢. جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

بەهۆی زۆری وفراوانی بوارەکانی بەکارهێنانیان، تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێکی جیاواز، کەهەر یەکەیان کۆمەڵێک بەکارهێنەری تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش وایکردووە هەر جۆرە وتایبەتمەندی خۆی هەبێت و وای لێ بکات لەجۆرەکەی دیکە جیاواز بێت. دەشێت لێرە ولەوێ دابەشکاری جیاواز بۆ جۆرەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی هەبێت، بەڵام بەگشتی خۆیان لەم چەند جۆرەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

أ. <u>تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی</u>: ئەم جۆرەیان لەباوترین وبەناوبانگترینی تۆڕە کۆمەڵاتییەکانە، بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕانە دەتوانن لەڕێگای دروستکردنی هەژماری تایبەتیەوە ببن بەئەندام تیایدا، بەگشتی ئەم تۆڕانە بەکاردەهێنرێن بۆ مەبەستی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی، سیاسی وئابووری، جگە لەبوارە کۆمەڵایەتییەکە دەکرێت ئەم تۆڕانە بۆ مەبەستی بازرگانی ودروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کڕیاردا بەکاربهێنرێن، چونکە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوانیاندا دروست دەبێت ودەتوانن لەڕێگای دەنگوڕەنگ وتێکستەوە ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن، فەیسبووک، مای سپەیس، لینکدئین وتویتەر لەدیارترین نموونەی تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتین کەلەسەر ئاستی جیهان بەکارهێنەریان هەیە (تاڵەبانی و ڕێشاوی، ٢٠٢٠، لا١٤١).

ب. <u>تۆڕەکانی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ</u>: جیاواز لەتۆڕەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئەم جۆرە تۆڕانە تایبەتمەندن بەڤیدیۆ، واتە لەم تۆڕانەدا تەنها ڕێگا بەبڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ دەدرێت، بەگشتی بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕانە ڤیدیۆ لەبوارەکانی فێرکاری، کاتبەسەربردن وچەندین بواری دیکە بڵاو دەکەنەوە. یوتیوب لەبەناوبانگترینی ئەم جۆرە تۆڕانەیە کەلەساڵی (٢٠٠٥) ەوە دروست کراوە، لەنوێترین ئاماردا ئەم تۆڕە تاکو مانگی ١٠ی ساڵی (٢٠٢٠) زیاتر لەدوو ملیار بەکارهێنەری چالاکی هەیە، ئەمانیش دابەشبوون بەسەر زیاتر لە (١٠٠) وڵاتی جیهان و(٨٠) زمانی جیاواز (YouTube, 2020; omnicoreagency, 2020).

ت. <u>تۆڕەکانی بڵاوکردنەوەی وێنە</u>: ئەم تۆڕانە تایبەتمەندن بەبڵاوکردنەوەی وێنە، لەگەڵ وێنەدا بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕانە دەتوانن کورتەڤیدیۆش بڵاوبکەنەوە، بەکارهێنەرانی ئەم جۆرە تۆڕانە زیاتر وێنەی کەسی وژیانی ڕۆژانەیان بڵاو دەکەنەوە، ئینستاگرام، سناپ چات وپینترێست لەدیارترین نموونەی ئەم تۆڕانەن.

ث. <u>بلۆگەکان</u>: ئەم جۆرە تۆڕانە تایبەتمەندن، دەکرێت کەسی یاخود گشتی بن، تاک لەڕێگای بلۆگی تایبەت بەخۆیەوە دەتوانێت خۆی بنیاد بنێت وکەسایەتی کار وبیر وڕاکانی بگەیەنێت بەکەسانی دیکە، یارمەتی بەکارهێنەر دەدات کەوەرگر یان بینەرەکانی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە ولەڕێگایەوە پەیوەندییان لەگەڵ دروست بکات، تەمبلەر ومیدیەم لەناسراوترین جۆرەکانی بلۆگن (نبیح، ٢٠١٩، لا١٠١).

ج. <u>پۆدکاست</u>: ئەم تۆڕانە بەتۆڕە کۆمەڵایەتییە دەنگییەکان ناسراون، بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕانە تەنها لەڕێگای دەنگەوە پەیام یان کار وچالاکییەکان بڵاودەکەنەوە، وەک بڵاوکردنەوەی گۆرانی، میوزیک وچیرۆکی دەنگی یاخود بەرنامەکانی ڕادیۆی تیادا بڵاودەکرێتەوە، ئەپڵ پۆدکاست وسپۆتیفای لەنموونەی ئەم تۆڕانەن (webfx, 2020).

ح. تۆڕەکانی گفتوگۆ: تۆڕەکانی گفتوگۆ جۆرێکی تری دیاریکراوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەم جۆرانە کار لەسەر تاوتوێکردنی هەواڵ وزانیاری وبۆچوونەکان دەکەن، دەتوانیت زانیاری وەربگری دەربارەی ئەوەی کەخەڵک باسی چی دەکەن ولەڕێگایەوە ئاشنا بیت بەڕا وبۆچوونی گوێگرەکانت، لەنموونەی ئەم تۆڕانە: ڕێدت وکورە (sproutsocial, 2020).

٣. خزمەتگوزارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

بەپێی جۆر وسروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان پێشکەشکردنی جۆری خزمەتگوزارییەکانیشیان دەگۆڕێت، هەندێکیان هاوشێوە وهەندێکیان جیاواز، هەوڵدەدەین بەگشتی باس لەخزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەین، ئەوانیش (تاڵەبانی وڕێشاوی، ٢٠٢٠، ل ١٣٦-١٣٨؛ سارة، ٢٠١٦، ل ٥٧-٥٨):

أ. هەژماری کەسی وپەیجی گشتی: لەڕێگای هەژماری کەسییەوە دەتوانیت زانیارییە کەسییەکانی خۆت بخەیتەڕوو وئاشنای زانیارییەکانی کەسانی دیکەش ببیت، وەک: ناو، تەمەن، خولیا، ئارەزووە کەسییەکان وبیروڕای یەکتر، هەروەها لەڕێگای پەیجە گشتییەکانیشەوە دەتوانیت بەبابەتە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری وبابەتەکانی دیکە ئاشنا ببیت وزانیاری ئاڵوگۆڕ بکەیت.

ب. پەیوەندیکردن و هاوڕێیەتی: ئەم خزمەتگوزارییە بنەمای دروستبوونی ئەم تۆڕانەن ولەڕێگەیانەوە دەتوانیت بەهاوڕێی نوێ ئاشنا ببیت یاخود دەتوانیت لەڕێگای ئەم خزمەتگوزارییەوە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵگای واقعیدا دروست بکەیتەوە وبەردەوام بن لەپەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتردا.

ت. ئاڵوگۆڕی پەیام: لە ڕێگای ئەم خزمەتگوزارییەوە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن پەیامەکانیان بۆ یەکتری بنێرن یاخود ئاراستەی وەرگرانی خۆیانی بکەن لەڕێگای پەیجەکانەوە، دەکرێت ئەم پەیامانە لەشێوەی پەیامی نوسراو، دەنگی، بینراو ودەنگ وڕەنگ خۆیان ببیننەوە.

ث. گفتوگۆی بە کۆمەڵ: یەکێکە لەخزمەتگوزارییە نوێکانی ئەم تۆڕانە کەبەهۆیەوە دەتوانرێت زیاد لەدوو کەس پێکەوە گفتوگۆی دەنگ وڕەنگ پێکەوە ئەنجام بدەن لەهەمان کاتدا، ئەمەش بەمەبەستی کۆبوونەوەی ئۆنلاین یاخود کۆبوونەوەی خێزانی وهاوڕێیان سوودی گرنگی دەبێت بۆ بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕانە.

ج. هەواڵ و زانیاری: جیا لەوەی ئەم تۆڕانە بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێن، هاوکات بوون بەسەرچاوەی هەواڵ وزانیاری بۆ بەکارهێنەرانی، ئەویش لەڕێگای پەیجی دەزگا میدیاییەکان وئاژانسەکانی هەواڵەوە، کەلەڕێگای ئەم تۆڕانەوە زانیاری وهەواڵەکانی خۆیان ئاراستەی وەرگر دەکەن.

ح. ڕیکلام و بازرگانی: لەئێستادا ئەم تۆڕانە بوون بەیەکێک لەباشترین شوێن بۆ کڕین وفرۆشتن لەسەرجەم بوارەکاندا ئەویش بەهۆی پەرەسەندنی ئەم تۆڕانەوە وفەراهەمکردنی خزمەتگوزاری کڕین وفرۆشتن، بەجۆرێک دەتوانیت بەدروستکردنی پەیجێک وبڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی دەتەوێ بیفرۆشیت بازاڕێکی ئۆنلاین بۆ خۆت دروست بکەیت وکاڵاکانت ساغ بکەیتەوە، لەڕێگای کردنەوەی هەژماری بانکیی نێودەوڵەتییەوە دەتوانیت بەپارە ڕیکلام بۆ کاڵاکانت بکەیت وکڕیاری مەبەستداری خۆت دیاری بکەیت.

خ. بەزمەسات و یاریکردن: بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان وزاخاوی مێشک بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لەم خزمەتگوزارییە سوودمەند بن، کەتیایدا چەندین یاری جۆراوجۆر وبێبەرامبەر دابینکراون ویارییەکان بەجۆرێکن دەتوانیت لەگەڵ هاوڕێکانتدا ئەنجامی بدەیت، واتە دووبارە یارییەکانیش کەشێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکەنەوە.

٤. مێژوو وگەشەکردنی فەیسبوک (fb,2020).

مارک زوکەربێرگ لەگەڵ هەر یەک لە هاوڕێیانی؛ دەستن مۆسکۆڤیتس، کریس هیوز و ئیدواردۆ ساڤێرین لە ٤ی مانگی دووی ٢٠٠٤دا ئەم تۆڕەیان دروستکرد، پاشان لە ١ی ٦ی هەمان ساڵدا بنکەکەیان گواستەوە بۆ ویلایەتی کالیفۆرنیا، لە ١ی ٩ی ٢٠٠٤دا ڕێگە بە هەموو کەس درا بەشدار بن لەم تۆڕە، چونکە سەرەتا تەنها تایبەت بووە بە هەندێک کەسی دیاریکراو.

دواتر مانگی ١٢ی ٢٠٠٤دا ژمارەی بەکارهێنەرانی بووە بە یەک ملیۆن کەس و لە ساڵی ٢٠٠٥دا ئەدرێسی سایتەکە لە thefacebookەوە گۆڕا و بوو بە facebook، لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە توانرا ئەم تۆڕە وەک بەرنامەیەک لەسەر مۆبایل بەکاربهێنرێت، لە ساڵی ٢٠٠٧دا بەشی ڤیدیۆ و دروستکردنی پەیج و ڕیکلام بۆ ئەم تۆڕە زیاد کرا.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا Like Buttonی زیاد کرد و لە ساڵی ٢٠١٠دا ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشت بە ٥٠٠ ملیۆن کەس و لە هەمان ساڵدا خزمەتگوزاریی گرووپی بەردەست کرد بۆ بەکارهێنەران، دواتر لە ساڵی ٢٠١١دا مەسنجەری وەک بەرنامەیەک ناساند و لە ساڵی ٢٠١٢دا تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینستاگرامی کڕییەوە و لە هەمان ساڵدا ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشتە یەک ملیار بەکارهێنەر.

فەیسبووک لە گەشەکردن بەردەوام بوو، تاکو لە ساڵی ٢٠١٣دا توانی بەرنامەی whatsApp بکڕێتەوە، لە ساڵی ٢٠١٥دا خزمەتگوزاریی پەخشی ڕاستەوخۆی دابین کرد بۆ بەکارهێنەران و لە ساڵی ٢٠١٦دا Emotion Reactionی زیاد کرد بۆ تۆڕەکە و لە هەمان ساڵدا ژمارەی بەکارهێنەرانی لەسەر مەسنجەر گەیشتە یەک ملیار کەس.

لە ساڵی ٢٠١٦دا خزمەتگوزاریی ستۆری زیاد کرد کە تیایدا وێنەیەک بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر دەمێنێتەوە، لە ساڵی ٢٠١٧شدا خزمەتگوزاری کڕینی ناساند بە بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینستاگرام، لە هەمان ساڵیشا ژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبووک گەیشت بە ٢ ملیار کەس و بەکارهێنەرانی whatsAppیش گەیشت بە یەک ملیار کەس، لە هەمان ساڵدا مەسنجەری تایبەت بە منداڵانی دروست کرد بە ناوی Messenger kids، لە ساڵی ٢٠١٨دا ژمارەی بەکارهێنەرانی لە ئینستاگرام گەیشت بە ١ ملیار بەکارهێنەر، لە ساڵی ٢٠١٩شدا Headset PC VRی خستە بازاڕەوە وەک یەکێک لە بەرهەمە هاردوێرەکانی و پاشان خزمەتگوزاری جزدانی ئەلیکترۆنی بەردەست خست بۆ بەکارهێنەرانی بە ناوی Novi.

٥. لایەنی باش وخراپی فەیسبووک.

أ. لایەنە باشەکانی فەیسبووک: دابینکردنی بێبەرامبەری بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییەکانی ئەم تۆڕە بووە بە یەکێک لە لایەنە باشەکانی. هەروەها ئاسانی وسادەیی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە بە جۆرێکە هەمووان دەتوانن بەکاری بهێنن، تەنانەت کەسانی نەخوێندەواریش دەتوانن لێی سوودمەند بن. سنووردانەکردن لە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی ئەم تۆڕەدا وەک: ژمارەی بەشداربووان، ژمارەی لایک و ژمارەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ خاڵێکی تری لایەنی باشی ئەم تۆڕەیە. ئازادی، ڕادەربڕین و نەبوونی سانسۆرێکی توند لەسەر ئازادییە کەسییەکان بە خاڵێکی ئیجابی دادەنرێت لەم تۆڕەدا، واتە تاک تیایدا ئازادە چۆن ڕای خۆی دەردەبڕێت و ئازادە لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەو بابەتانەی ئارەزووی دەکات، لەم تۆڕەدا تەواو ئازادی لەوەی لەگەڵ کێدا دەبێت بە هاوڕێ و ئاشنایەتیت لەگەڵدا پەیدا دەکەیت(دیار، ٢٠١٥، لا٦٠،٥٩).

ب. لایەنە خراپەکانی فەیسبوک: ناکۆمەڵایەتیبونی تاکەکان لەکۆمەڵگای واقعیدا بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە بەیەکێک لەخراپترین لایەنەکانی ئەم تۆڕە هەژمار دەکرێت، چونکە وا دەکات ئەگەر بەکارهێنەران هۆشیاریان نەبێت بەرامبەری بەجۆرێک ئالودەیان دەکات بیریان دەچێتەوە کەتاکێکن لەکۆمەڵگای واقعی. سروشتی ئەم تۆڕە بەجۆرێک لەگەڵ بەکارهێنان وگەڕاندا دەتباتە قوڵاییەوە کەئەستەمە بەئاسانی لێی بێیتە دەرەوە، بەمەش کاتێکی زۆری بەکارهێنەر بە بێ سوود سەرف دەکات وسەردەکێشێت بۆ دروستبوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لە ژیانی واقعیدا، وەک حاڵەتەکانی کێشەی خێزانی ولێکهەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان لەیەکتر. لەبەر ئەوەی زۆرکات ناسنامەی ڕاستەقینەی بەکارهێنەر ئاشکرا نیە ئەم هەلە دەقۆزرێتەوە بۆ گێچەڵپێکردن وئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی جۆراوجۆر (نبیح، ٢٠١٩،لا١٤١-١٤٣: محتالي، ٢٠١٩، لا٣٧،٣٦).

## بەشی سێیەم: شیکارینامەی توێژینەوەکە

لە پاش باسکردن و شیکردنەوەی گرافیک دیزاین و خستەڕووی بنەما و پێکهاتەکانی گرافیک دیزاین و تیشکخستنە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و فەیسبووک بە تایبەتی، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە گرافیک دیزاین پێگەیەکی زۆرباشی هەیە لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی فەیسبووکدا، بە تایبەت لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمپانیا بازرگانییەکانەوە.

لەم بەشەدا توێژەر هەوڵدەدات بە شیکردنەوە و باسکردنی نموونەی زیندوو لە پەیجە کوردییەکان لە فەیسبووک ڕۆڵ و پێگەی گرافیک دیزاین بخاتە ڕوو، پاشان لە ڕێگای ئەم شیکارییەوە بگات بە وەڵامی پرسیارەکانی کێشەی پەیپەرەکە.

بە سەرنجدان لە پەیجە هەواڵییە سیاسییە کوردییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، بە شێوەیەکی گشتی تێبینی ئەوە دەکرێت کە بۆ ناردنی پەیامەکان و خێرا بڵاوبوونەوەی بابەتێکی مەبەستدار، پشت بە دیزاینکردنی بابەتی گرافیکی دەبەستن، ئەمەش بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەریی زیاتر لەسەر وەرگرەکانیان. هۆکارێکی دیکەی پشت بەستن بە دروستکردنی گرافیک لە لایەن ئەو پەیجانەوە، کارلێککردنی وەرگرە لەگەڵ پەیامە بیتراوەکاندا، چونکە ئەم گرافیکانە ڕاستەوخۆ پەیامەکە دەدەن بە وەرگر و ماندووی ناکەن بە سەرادنیکردنی سایتەکانیان، بەڵکو بە کاتێکی کەم تەواوی زانیارییە پێویستەکانیان پێ دەدەن.

لە لایەکی دیکەوە ئەم گرافیکانە زیاتر لەناو بەکارهێنەرانی فەیسبووکەوە دەستاودەست دەکەن و بڵاو دەبنەوە، تەنانەت ئەم گرافیکانە لەناو تۆڕەکانی دیکەی کۆمەڵایەتیش بڵاو دەبنەوە، ئەمەش بە هۆی ئاسانی لە مامەڵەکردن پێیانەوە، چونکە تەنها پێویستی بەوەیە گرافیەکەکە بارگە بکات و بینێرێت بۆ هاوڕێ و کەسوکار و ئەو گروپانەی مەبەستێتی. هەندێکجاریش تەنها بە شەیرکردنی بابەتەکە و بە دوو هەنگاوی ئاسان بڵاوی دەکاتەوە.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە لایەن بەشێک لە پەیجی دەزگا میدیاییەکانەوە لە فەیسبووک گرنگی تەواو نادرێت بە کارکردن لەسەر پێکهاتەکانی دیزاین، بە تایبەت لە بابەتی ڕەنگەکاندا، بە جۆرێک کاری لەسەر دەکەن گرنگی نادەن بە سایکۆلۆجیای ڕەنگ و ڕەنگناسێکی باش نین و کەمتر توانیویانە گونجاندن لە ڕەنگەکاندا دروست بکەن، بەمەش وەرگر هیلاک دەکەن و زیاتر تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت، بە دیاریکراویش لە دیزاینکردنی وێنەی هەواڵی "بەپەلە"دا.

لە میانی ئەنجامدانی پەیپەرەکەدا توێژەر تێبینی ئەوەی کردووە کە، هەندێک لە پەیجی دەزگا میدیاییەکان گرنگییەکی تەواو نادەن بە کواڵیتیی وێنە، کە ئەمەش یەکێکی ترە لە پێکهاتەکانی گرافیک دیزاین.

گرنگینەدان بە وێنە و بەکارهێنانی وێنەی کواڵیتی نزم هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تێرنەکردنی حەزی وەرگر لە کاتی بینینی دیزایندا، لە ئێستادا بە هۆی بوونی ڕوونمای کواڵیتی بەرز و ئاست بەرز لە مۆبایلدا، بە ڕوونی هەست بە وێنەی کواڵیتی نزم دەکرێت، ئەمەش خاڵێکی لاوازە و باشتر وایە کار بکرێت لەسەر چارەسەرکردنی.

توێژەر تێبینی ئەوەش دەکات کە لە هەندێک پەیجی دەزگا میدیاییەکاندا بە ئەستەم گرنگی دەدرێت بە پەیڕەوکردنی بنەماکانی گرافیک دیزاین، لە کاتێکدا ئەم بنەمایانە کلیلی دروستکردنی کارێکی گرافیکی سەرکەوتوو و ئاستبەرزن، بە تێبینکردن و سەرنجدان لە هەندێک لەو کارە گرافیکییانە بە ڕوونی هەست بە کەمئەزموونی دیزاینەر دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، ئەوانیش:

١. گرافیک دیزاینەران کەمتر دەخوێننە و کەمتر نموونەی کاری دیزاین سەیر دەکەن و بە دەگمەن بە دوای بنەما و پرەنسیپەکانی گرافیک دیزایندا دەگەڕێن.
٢. خاوەنی دەزگاکان و کەسانی بەرپرس لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گرنگییەوە لە گرافیک دیزاین ناڕوانن و شارەزاییان تیایدا نییە، کەمتر یاخود بە دەگمەن هەڵی بینینی خولی ئۆنلاین و خول لە دەرەوەی وڵات دەڕەخسێنن بۆ دیزاینەرەکانیان.

سەرەڕای ئەو تێبینییە زانستییانەی دەربارەی گرافیک دیزاین لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بە گشتی و فەیسبووک بە تایبەت خستمانە ڕوو، بەڵام هێشتا وەرگر بە گرنگییەوە لە پەیامی دیزاینکراو دەڕوانێت و کاریگەری زۆری لەسەری هەیە، بە گشتی وەرگر گرنگی نادات بە ڕەنگ و بنەما و پێکهاتەکانی دیزاین، چونکە لە ئاستێکی ئاگایی و هۆشیاریی نزمدان دەربارەی گرافیک دیزاین و کەمتر وەرگرێکمان هەیە کە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان هەبێت.

## - دەرەنجام:

لە پاش ئەنجامدانی ڕێکارەکانی ئامادەکردن و شیکردنەوەی وەسفی بۆ دەقە زانستییەکان و بابەتی سەرەکی پەیپەر، توێژەر بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١. گرافیک دیزاین پانیاییەکی زۆری لە بڵاوکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا داگیر کردووە، بە تایبەت لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
٢. بە شێوەیەکی گشتی گرافیک دیزاین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر سەرنجراکێشانی وەرگر، بە بەراورد بە تێکست و وێنە.
٣. بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر کارلێک لەگەڵ بابەتە گرافیکییە دیزاینکراوەکاندا دەکەن.
٤. ڕێگایەکی سەرکەوتووە بۆ ئەنجامدانی کەمیونیکەیشنی بینراو، چونکە وەرگر ماندوو ناکات بۆ خوێندنەوەی پەیام.
٥. گرافیک دیزاین یەکێکە لە خێراترین ڕێگاکانی ناردنی پەیام.
٦. لە ڕێگای پەیڕەوکردنی بنەماکانی گرافیک دیزاینەوە دەتوانرێت دیزاینێکی سەرکەوتوو و کاریگەر ئامادە بکرێت.
٧. ئاشنابوون بە بنەما و پێکهاتەکانی دیزاین هۆکارێکی سەرەکی پێشکەوتنی گرافیک دیزاینە لە لایەن دیزاینەرانەوە.

## - ڕاسپاردە:

بە پشتبەست بە دەرئەنجامەکان، توێژەر ئەم ڕاسپاردە زانستییانە دەخاتە ڕوو بۆ کەسانی پەیوەندیدار و دامەزراوەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان، ئەوانیش:

١. گرنگیدانی زیاتر بە بواری گرافیک دیزاین لە ناردنی پەیامە بینراوەکاندا، چونکە کەمیونیکەیشنی بینراو لە سەرکەوتووترین جۆرەکانە بۆ ناردنی پەیام و دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر.
٢. بەرزکردنەوەی ئاست و توانای کارمەندانی بواری گرافیک دیزاین، بە بەشداریپێکردنیان لە خولە ئاستبەرزەکانی گرافیک دیزاین، بە شێوەی ئۆنلاین یاخود ناردنە دەرەوەی کارمەندی تایبەتمەند بەو بوارە.
٣. ڕەچاوی بنەماکانی گرافیک دیزاین بکرێت، چونکە هۆکاری سەرەکییە بۆ بەرەوپێشچوونی بوارەکە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، کە ئەمانەش کلیلی سەرکەوتنی پەیامێکی بینراوی دیزاینکراوە.

## - پێشنیار:

دوای خستنەڕووی دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان، توێژەر پێشنیاری ئەم بابەتانەی خوارەوە دەکات کە توێژەران و پسپۆڕانی ئەم بوارە دەتوانن کاری لەسەر بکەن، ئەوانیش:

١. کاریگەریی دیزاینی بەپەلە لەسەر بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
٢. گرنگیدانی دیزاینەر بە بنەماکانی گرافیک دیزاین لە دیزاینی پەیامی بینراودا.
٣. ڕۆڵی گرافیک دیزاین لە زیادکردنی وەرگر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
٤. بەراوردی کاردانەوەی وەرگر بۆ بابەتێکی گرافیکی و بابەتێکی ئاسایی.


## - الملخص:

هذا البحث يهدف إلى معرفة موقع تصميم الجرافيك في شبكات التواصل الاجتماعي (الفيس بوك) إنموذجا، واستخدم الباحثون في هذا البحث منهج تحليل النصوص، وذلك بالرجوع إلى مصادر ومراجع علمية لتحليل وتفسير موقع تصميم الجرافيك في مواقع التواصل الاجتماعي، خصوصا شكل المواد المنشورة في موقع الفيس بوك.

وتوصل الباحثون في نتائج هذا البحث بأن من الرغم تصميم الجرافيك له مساحة واسعة في المواد المنشورة في مواقع التواصل الاجتماعي (الفيس بوك) خصوصا، ولكن طريقة ناجحة لتحقيق الاتصال المرئي وسرعة وصول الرسالة للمرسل، وأيضا تزيد معرفة المصممين في أسس وقواعد التصميم وسبب رئيسي في تقدم تصميم الجرافيك.

- Abstract:

This Research aims to know the Graphic Design Place in Social Networking (Facebook) as a model, and the Researchers used in this Research the Text Analysis Method, by Referring to Scientific Sources and References to Analyze and Interpret the Graphic Design Place in Social Networking, Especially the form of the Materials Published on the Facebook.

In the Results of this Research, the Researchers Concluded that although Graphic Design has a Wide Area in the Material Published on Social Networking (Facebook) Especially, but a Successful way to Achieve Visual Communication and the Speed of Message delivery to the Sender, and also Increases the Designer's knowledge of the Foundations and Rules of Design and a major reason for the advancement of Design Graphic.

## لیستی سەرچاوەکان

- سەرچاوە کوردییەکان.

١. تاڵەبانی، ڕێبەر گۆران وڕێشاوی، یەحیا عومەر. (٢٠٢٠). میدیای نوێ لەسایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا، (چ ١). (سلێمانی: تۆڕی ئەکادیمیا ودیالۆگ میدیا).

٢. صابر، هاونیاز سامی. (٢٠١٩). کاریگەری تایپۆگرافیا لەسەر بنەماکانی دیزاین، (هەڵەبجە: گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە ، لا).

٣. عومەر، بەهمەن. (٢٠٢٠). دەروازەی گرافیک دیزاین، (چ ١). (سلێمانی: کتێبخانەی لالەزار).

- سەرچاوە عەرەبییەکان.

٤. أمين، رضا. (٢٠١٥). الاعلام الجديد، (ط ١) (عمان: دار الفجر للنشر والتوزيع).

٥. البياتي، د.ياس خضير، (الاعلام الجديد الدولة الافتراضية الجديدة)، (عمان: دار البداية ناشرون وموزعون، الطبعة الأولى، ٢٠١٤).

٦. الدعمي، الدكتور غالب كاظم جياد، (الاعلام الجدبد اعتمادية متصاعدة ووسائل متجددة)، (عمان: دار امجد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦).

٧. ديار، اكرام ، (واقع استخدام مواقع التواصل الاجتماعي في تفعيل الحملات التطوعية الفايسبوك انموذجا)، (أم البواقي: جامعة العربي من بهيدي، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، قسم العلوم الإنسانية، ٢٠١٥).

٨. سارة، مرزقاني، (تأثير إعلانات الفيسبوك التجارية على السلوك الاستهلاكى لطالب الجامعى بأم البواقي)، (أم البواقي: جامعة العربي بن مهيدي، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، قسم العلوم الإنسانية، ٢٠١٦).

٩. العربي، رمزي، (التصميم الجرافيكي)، (عمان: بدون دار النشر، الطبعة الثانية، ٢٠٠٨).

١٠. عفيفي، دكتور علاءالدين محمد، (الاعلام وشبكات التواصل الاجتماعي العالمية)، (الإسكندرية: دار التعليم الجامعي، ٢٠١٥)

١١. ليفنسۆن، پۆڵ، ترجمة: هبة ربيع، (أحدث وسائل الاعلام الجديدة)، (قاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، ٢٠١٥).

١٢. محتالي، خولة، (الإدمان على الفيسبوك و علاقته بالتوافق الزواجي)، (أم البواقي: جامعة العربي من بهيدي، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، قسم العلوم الإنسانية، ٢٠١٩).

١٣. نبيح، الدكتورة أمينة، (الاتصال الرقمي والاعلام الجديد موقع facebook نموذجا)، (عمان: دار غيداء للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، ٢٠١٩).

- سەرچاوە ئینگلیزییەکان.

١٤. Hembree, Ryan, (The complete graphic designer), (USA: Rockport publishers, 2008)

١٥. Landa, Robin, (Graphic Design solutions), (Boston: Wadsworth publishing, 4th edition, 2011).

١٦. Santoro, Scott W., (guide to graphic design), (1st edition, 2014)

- سەرچاوە ئینتەرنێتییەکان.

١٧. Admecindia. Importance of Graphic Designing, (https://www.admecindia.co.in/graphic-design/graphic-design-institute), Accessed Date (12/12/2021).

.١٨ **Barnhart, Brent. 5 Types of Social Media Every Marketer Needs to Know, (https://sproutsocial.com/insights/types-of-social-media), Accessed Date (10/12/2021).**

.١٩ **Fb. Our History, (https://about.fb.com/company-info), Accessed Date (10/12/2021).**

.٢٠ **H. Tankovska. Global social networks ranked by number of users 2020, (https://www.statista.com/statistics/272014/global-social-networks-ranked-by-number-of-users), Accessed Date (10/12/2021).**

.٢١ **Kontra.agency. The 8 types of graphic design, (https://kontra.agency/the-8-types-of-graphic-design), Accessed Date (18/12/2021).**

.٢٢ **McFadden, Christopher. A Chronological History of Social Media, (interestingengineering.com/a-chronological-history-of-social-media) Accessed Date (9/12/2021).**

.٢٣ **Omnicoreagency. YouTube by the Numbers: Stats, Demographics & Fun Facts, (www.omnicoreagency.com/youtube-statistics), Accessed Date (10/12/2021).**

.٢٤ **Storm, Macy. 5 Types of Social Media and Examples of Each, (https://www.webfx.com/blog/social-media/types-of-social-media), Accessed Date (10/12/2021).**

.٢٥ **YouTube. YouTube for Press, (https://blog.youtube/press/), Accessed Date (10/12/2021).**